**داستانی خواکورك یان ئەنفالی هەشت؟**
عەلی مەحمود محەمەد

ناوچەی خواکورك سەر بە قەزای سیدەکانە, نزیکەی ٣٠ گوندە, رووپێوی خاکەکەی دەوروبەری ١٥٠ کم دووجایە, بە هۆی ئەوەی زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەکانی خواکورك و لۆلان و حەیات بە زۆرەملێ ڕاگوێزرابوونە قەزای دیانا و ئۆردوگاکانی کەسنەزان و دێگەڵە و قوشتەپە و ....... هتد, بۆیە لە کاتی پرۆسەی ئەنفال خەڵکێکی زۆر کەم لەم ناوچەیە دەژیان, بە هەر هەمووی خۆی نادا لە چەند سەت ماڵێك, ئەوانەی لەوێ بوون زۆربەیان پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان و راکردووەکانی سەربازی و مەرجدارەکان بوون, لە گەڵ هاوولاتییەکی کەمی خەڵکی رەسەنی ناوچەکە, سەرباری ئەوەی پاسداریش بنەو بارەگەیان لەوێ دانابوو, هاتوچۆیان درووست کردبوو لەوێوە بۆ ئێران لە رێگای خنێرەوە, پارتی و حیزبولاکان"ئەدهەم بارزانی, شێخ محەمەد خالید" دەیان هێنان و دەیان بردن, جگە لە هات و چۆی ئۆتۆمۆبێلی پاسداران, تەنانەت باسی نیشتنەوەی کۆپتەری پاسداریش وەك سەرگەڵو دەکرێت لە گەلی رەش.
ئەم ناوچەیە بە بەراورد بەناوچەکانی پرۆسەی ٧ ئەنفالی پێشوو, کە ئەنفالی یەك و دوو بچووکترین پانتاییان هەبوو, پانتایی جوگرافیای شەڕی خواکورك نزیك یەك بە نۆی جوگرافیای ئەنفالی یەکە, بەڵام ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگە بە تایبەت لە رووی سەربازی و سیاسییەوە, هەر سێ وڵاتی عێراق, ئێران, تورکیا لەو خاڵە یەك دەگرنەوە.
شەڕی خواکورك لە بارودۆخێکدا کرا, حکوومەتی عێراقی لە چوار ئەنفالی پێشوو" ١,٢,٣,٤" سەرکەوتوو بوو, لە ئەنفالی ٥,٦,٧ بەرەو رووی بەرگری بوەوە, کۆنترۆڵکردنی نزیك ١٠٢ رۆژی ویست.
داستانی خواکورك (١٩ی تەممووز تاکو ٥ ی ئەیلوولی ١٩٨٨), واتا ٤٩ رۆژی خایان, دوو رۆژ دوای رەزامەندی رێکەوتنی ئێران و عێراق بۆ راگرتنی جەنگ دەستی پێکرد, یەکێکە لەو شەڕە دژوارانەی کە تیایدا ڕژێمی بەعس چەندین فرقەی هەردوو فەیلەقی (١ و ٥)ی سەربازو هێزە تایبەتەکانی ٦٦ و ٦٨ و بە هەزاران جاش و جۆرەها چەکی قورس لە تانك و فرۆکەوە هێرشی بۆ ناوچەی خنێرەو دۆڵی رەش و خواکورك و سێگۆشەی سنووری عیراق, ئێران و تورکیا ئەنجامدا, کۆی هێزەکەی رژێمی عێراقی بە ٣٠ هەزار کەس مەزندە دەکرا, لە بەرامبەردا چەکی قورسی هێزی پێشمەرگەش بریتی بووە لە تەنیا ٣ ئۆپ (١٢٠ ملم) و ژمارەیەك دۆشکە, کە هەندێکیان بە باشی کاری نەکردووە.
پەلامارەکەی سوپای عێراقی بە مەبەستی لەناوبردنی تەواوی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی" بەرەی کوردستانی کە دوو مانگ و ١٢ رۆژ پێش ئەو مێژووە لەو جێگایە راگەیەنرابوو" هێزەکانی دەرەوەی بەرەی کوردستانی بریتی بوون لە " ئالای شۆڕش و حیزبولاکان", هەروەها کۆنترۆڵکردنی سنوور و رێگا گرتن لە خەڵکی ناوچەی خاتمە ئەلئەنفال"ئەنفالی بادینان" ٢٦ رۆژ دواتر بەڕێوە چوو, لەوێوە خۆیان رزگار بکەن و بچنە ناو ئێرانەوە, کۆی جەنگەکە بە داستانی خواکورك لە ناو کوردستان بەناو بانگە.
شەڕی خواکورك هێرشی سوپاو جاشی حکوومەتی عێراقی بووە دەسپێچك لە خنێرەو گەلی رەش ەوە بۆ هەموو ناوچەی خواکورك, بە پێی ئەو گێرانەوەیەی پێشمەرگە بەشداربووەکانی باسی دەکەن لە نێوان ١٩-٧-١٩٨٨ تاکو ٥-٩-١٩٨٨ بەردەوام بووە, واتا ٤٩ رۆژی خایاندووە, هەندێکیش کاتەکەی بە ٥١ رۆژ دەدەنە قەڵەم , لە سەرەتادا لە بەری گوندی خنێرە کە دەکەوێتە بەری رۆژهەڵاتەوە دەستی پێکردووە.

لەم داستانە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هێزی مرۆیی بە پلەی یەکەم پێشمەرگەیان هەبووەو بەشدار بوونە" حیزبولا بە نزیك ٣٠٠ پێشمەرگە"بەڵام رۆڵی دیاریان نەبووە تەنانە وەك ئاش یش" و حیزبی شیوعی عێراق"٦٠ بۆ ٨٠ پێشمەرگە" و ئاڵای شۆڕش بە" ٣٠ پێشمەرگە" و پارتی گەل بە نزیك ٣٠ پێشمەرگە, کۆی گشتییان نزیك ١٠٠٠ پێشمەرگە بوونە, جگە لە هێزی بەرگری و خۆبەخشان لە دیوی رۆژهەلاتەوە هاتوونە, بەشداری شەڕ و هاوکاری جۆراوجۆری زۆریان هێناوە بۆ بەرەکانی جەنگ, ئەوانیش سەدان بە سەرەوە بوونە, هەرچەندە بەڕێز مەسعود بارزانی لە یاداشتەکانیا لە دوو جێگا باسی بەشداربوونی شەڕی خواکورك دەکات و دەڵێت" شەڕەکە دیسانەوە کەوتەوە سەر شانی پێشمەرگەکانی پارتی و, حزبی شیوعیش لە گەڵ هێزەکانمان مانەوە, لێ هەموو حیزبەکانی تر ناوچەکەیان جێهێشت و هیچ بەرگرییەکیان نەکرد. ل٢٣١.....ئەم هێزانە بەشدارییان لە بەرگرییەکاندا کردووە: هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش و هێزەکانی لقی چوارو سێ و دووی پارتیمان و هێزی بارزان و هێزی ئاوارەو بەرگریی مللی و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعیی عێراق کە هاوپەیمانمان بوو .... ٢٤٢", بۆ بەشداربووانی حشع یش بە مەفرەزەیەکیان دەداتە قەڵەم, بەڵام ئەوانیش لە نووسراوە یاداشتییەکانیان باسی رۆڵی کاریگەرو قەوارەی زۆر زیاتری خۆیان دەکەن, هەروەها ئاماژە بە بەشداری ئاش و گەل لە شەڕەکە دەکەن, ئەم گفتوگۆو رۆڵی لایەنەکان بۆ خۆیان جێدێڵم پەیوەند نییە بە بابەتەکەمانەوە.

ناوچەکە ناوچەی باڵا دەستی پارتی و حیزبولاکان بووە, بارەگای سەرەکی حشع و پارتی گەل و ئاڵای شۆڕشی لێبووە, پارتی و حیزبولا بارەگاکانیان لە دیوی ئێران بووە, لە گەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی ئێرانی لە حیزبی تودەی ئێران و چریکەکانی فیدایی خەلقی ئێران باڵی ئەکسەریەت و حیزبی دیموکراتی کوردستان باڵی خەتی کۆنگرەی چوار میوانی حشع بوونە, یەکێك لە پێشمەرگەکانی چریك لەو داستانە کە پێشمەرگەی حشع بووە گیانی بەخت دەکات بە ناوی مام عەلی خەڵکی شاری سەقز مامۆستای فیزیا بووە.

لە پەلامارەکەی سوپای عێراقی بۆ ناوچەی خواکورك, ئەم هێزانەی سوپای عێراق و جاش بەشدار بوونە, بە پێی گێڕانەوەی پدك:

١. فرقەی ٣٣ سەربە فەیلەقی ٥.
٢. فرقەی ٤٥ سەربە فەیلەقی ١.
٣. فرقەی ١٨.
٤. فرقەی ٣٥
٥. لیوای ٦٦ی هێزی تایبەت
٦. لیوای ٦٨ی هێزی تایبەت (قوات خاصە).
٧. لیوای ٧٠٢ی پیادە (مشات).
٨. فەوجی یەکی مغاویر لە فرقەی ٣٣.
٩. لیوای ٤٠٢ی پیادە.
١٠. لیوای ١٢٠ی مغاویر.
١١. لیوای ٢ی هێزەکانی ناوخۆ.
١٢. فەوجی ٣ی لیوای دووی مغاویر و فەوجی یەکی سەربەخۆی مغاویری سەربە فیرقەی٣.
١٣. هێزی چەکدارانی بەکرێگیراو (جاش) (افواج خفیفە).
١٤. پێنج کەتیبەی تۆپی مەیدانی و ژمارەیەك تۆپی هاوەن.
١٥. سێ کەتیبەی تانك.
١٦. ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر.
لە گەڵ ٣٠ فەوجی جاشی سووك.

کێ و چەند کەس ئەنفالکرا؟

کاتژمێر ۱۰:۳۰ەی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ۲۷-۷-۱۹۸۸ سوپای بەعس هێرشێکی مەزنی غافڵگیرانەی لەژێر ناوی (توکلت علی الله) بۆ ناوچەکە دەستپێکرد، لە سەرسۆڵەوە بەرەو سیارە پێشڕەوی کرد کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی شێخانۆك" پێشتر بۆ ناوچەی خنێرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە هێرشی کردبوو"، چەند ئۆتۆمبێلێکی خەڵك کەوتنە بۆسەیانەوە، لە ئەنجامدا هاوڵاتییەك بەناوی مستەفا ساڵەح و عومەر مستەفا سەڵەح تەمەن ۱۲ ساڵ کوڕی ناوبراو دەستگیرکران و ئیتر سەرنگون کران. ئەم باوك کوڕە بوونە یەکەم و دوا ئەنفالکراوی پرۆسەی ئەنفالی ۸, هەرچەندە بە پێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە بەردەستە پرۆسەکە لە ڕێکەوتی ۳ی ئاب و بۆ ۹ی ئەلول وەك پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدراوە, ئەو کارە مێژووەکەی ناچێتە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالی ۸ ەوە.
ئەو خەڵکەی دیکە کە لە ناوچەکە جێگیر ببوون, لە بنەماڵەی پێشمەرگەو ڕاکردووەکانی جەنگ و هاوڵاتییەکانی ناوچەکەو مەردارەکان, بە سەلامەتی دەرباز بوون و چوونە ناو ئێرانەوە, هاوکات بە پێی وتەی هاوڕێ پشکۆ شەش پەنجە پێشمەرگەی ئاش و بەشداربووی شەڕەکە ژمارەیەك هاووڵاتی ناوچەی ئەنفالی بادینانیش بەو ناوچەیەیا پەڕینەوە بۆ ناو ئێران و لە تەڵەی ئەنفال ڕزگاریان بووە.

بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی

لە شەڕی خواکورك بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆچوونی جیاواز هەیە لە بەکار هێنان و نەهێناندا, ئەوانەی پێیان وایە بەکارهێنراوە دەڵێن ٦٠ پێشمەرگە لەو پەلامارە کیمیاوییە بریندار بووە.
دکتۆر غەفار پێشمەرگەی حشع کە سەرپەرشتی تیمی پزیشکی تەواوی بەرەی جەنگەکەی هەموو پارتەکانی کردووە دەڵێت" ئێمە لە بەرزایی بووین و ئەوان لە خوارمانەوە بوون, دەترسان دوکەڵەکە بۆ خۆیان بگەڕێتەوە بۆیە چەکی کیمیاوییان بەکار نەهێناوە, لە بەرەکانی دیکەش ئەگەر بەکار هێنرابێت دەبوایە ئێمە چارەسەرمان بکردبانایا, یان بە نامە و ئیمزای من بناردرانایا بۆ ئێران", بەڵام هاوڕێ پشکۆ شەش پەنجە دەڵێت"لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکە لە قوڵی گەلی ڕەش چەکی کیمیاوی بەکار هات، ئێمە لەو قوڵە نەبووین، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەوێ بەکارهات، بریندار هەبوو بە چەکی کیمیاوی, نازانم ژمارەیان چەند بوو. بەڵام لە بەرگریەکەی دوا هێلی سنوور واتا قەبری زاهیر چەکی کیمیاوی بەکارنەهات، هەرچەندە ئێمە لە هەموو ئەو تۆپ و ڕۆکێتە دوکەڵاویەکان دەترساین، بەڵام بەکار نەهات". پشکۆ هۆکاری بەکار نەهێنانی چەکی کیمیاوی دەگێڕێتەوە بۆ"ڕەنگە هۆکاری بەکارنەهێنانی ئەوەبێت کە ۱- سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە لە بەرزاییەکانی زنجیرە شاخەکان بوو و دوژمنیش لە دۆڵەکان بوو کە زیان زیاتر بەخۆیان دەگەیشت. ۲- هێلی سنووری ئێران - تورکیا بوو، شەڕی عراق ئێرانیش وەستابوو".
بەڵام بارزانی بەم شێوەیە باسی لێدانی کیمیاوی دەکات" لە کاتژمێر سێ بەرەبەیانی ۳ی ئابی ۱۹۸۸ و لە ڕێی فڕۆکەیەکی پیلاتۆس پی سی ۷ ەوە بە چەکی کیمیاوی شاری شنۆو چەندین بنکە و بارەگای پێشمەرگەی لە گادەر, شنۆ و خواکورك بۆردومان کرد کە بە هۆیەوە ٦۰ پێشمەرگە بریندار بوون ل۲۳۱", ئەوەی روونە ناوچەی شنۆ لە ۲-۸-۱۹۸۸ کیمیاباران کراوەو قوربانیانیان لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە هۆڵەندا بەشدارییان کردووە.
کاتژمێر ۲:٤٥ بەیانی ڕۆژی سێشەممە ۲-۸-۱۹۸۸, فڕۆکەکانی عێراقی بە گازی خەردەل و مێشك بۆمبارانی شاری شنۆی سەر سنووری باشووری کوردستان دەکەن"هاسنووری ناوچەی ئەنفای ۸", ۸ گەڕەکی باشوورو ڕۆژئاوای شارەکە دەگرێتەوە, دوای بۆمبارانەکە بۆ پشکنینی سکالای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی شاری شنۆ دەکەن, ژمارەی بەرکەوتووان بە ۲٦۲۰ کەس دەدەنە قەڵەم, وە بە بڕیاری ژمارە ٦۱۲ ئەنجومەنی ئاسایش عێراق

تاوانبار دەكات, ئەمە لە كاتێك روودەدات ١٦ رۆژ پێشتر ئێران و عێراق رێكەوتنامەی ئاگر بەستیان واژۆ كردبوو.
ئەگەر كیمیابارانكردنی شاری شنۆی سنووری بەرەی شەڕی خواكوركی گرتبێتەوە, ئەوا پرۆسەی ئەنفالی ٨ یش بە لێدانی كیمیاوی دەستی پێكردووە, هەر ئەم قەیرانەش بە هۆی تەداخولی نەتەوە یەگرتووەكانەوە,ا دەكات ل رۆژانی داهاتوو بە تایبەت لە بەرەی قەبری زاهیر كە شەڕێكی بەرەیی بووە چەكی كیمیاوی بەكار نەهێنرێتەوە چونكە هاوسنووری دوو وڵات بووە بە تایبەت ئێران.

پاسدار لە خواكورك
ناوچەی خواكورك لە ناوەڕاستی هەشتاكان بەدواوە ببوە جێگای رمبازێنی سوپای پاسداران و قەرارگای رەمەزان, بە تایبەتیش حیزبوڵاكان , ئەوان هێندە تێكەڵ بوون لە گەڵ سوپای پاسداران وەك بەشێك لە حیزبوڵا جوڵەیان دەكرد, ئەو كات حیزبوڵا موچەشیان ١٦٥ دیناری عێراقی بوو, دوو جاری جاشێكی فەوجە خەفیفە و ١٧ جاری پێشمەرگەی شیوعی و سێ جارو نیوی پێشمەرگەی یەكێتی وچەندین جاری پارتیشیان وەردەگرت, باسی ئاش و لایەنەكان دیكە مەكەن, چەكداری تێرو پۆش و پوختەو ئیسراحەت بوون.
پاسداران جگە لەوەی بۆ جەنگە هاوبەشەكان و كاری هەواڵگری پێویستیان بەم بارەگایانە هەبوو لەم ناوچەیە, هاوكات ئەو ناوچەیە شوێنی پەڕینەوەی پێشمەرگەكانی دیموكرات و كۆمەڵە بوون بۆ ئەودیوی سنوور, چەندین هێزی كاریگەری دیموكرات وەك هێزەكانی كێلەشین و ئاگرین و .......
رێگایان لەوێوە بوو, وە پێشمەرگەی گوردانی ٢٢ی ورمێی كۆمەڵە, بۆیە كۆنترۆڵكردنی ئەم ناوچەیە بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران بە كەڵك بوو, تا سەرچاوەی چالاكییەكانی پێشمەرگەكانی رۆژهەڵات لە سەرچاوەوە بگرن لەو رۆژگارە چالاك بوون, بۆیە پاسدار بنكەو بارەگای زۆری تێدا دانابوو, رێگایان كردبوەوە, هات و چۆی ئەم دیوو ئەو دیوو راستەوخۆ بە ئۆتۆمۆبیل هەبوو, بە تایبەتیش دۆڵی رەش بارەگای سەرەكی پاسدارانی لێبووە تا ئاستی نیشتنەوەی كۆپتەری ئێرانی, كە هێرش دەستی پێكردووە, چەك و تەقەمەنیان هەموو تەقاندۆتەوە هەڵاتوونە.
بە پێی سەرچاوەكانی پارتی, رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٢٦-٧-١٩٨٨ سەید باقر تەبا تەبایی فەرماندەی قەرارگای نەسری ڕەمەزانی سوپای پاسداران, لەگەڵ دەستەیەك پاسدار و چەند چەكدارێكی حزبوڵڵای كوردی عێراقی بە مەبەستی گواستنەوەی بارەگایان لە گەلی رەشەوە بۆ ناو خاكی ئێران, كە بە پێی رێكەوتنی ئێران -عێراق دەبوایا بكشێنەوە, سەردانی گەلی ڕەشیان كردبوو، ئاگاداری ئەوە نەبوون سوپای عێراقی رێگاكەی كۆنترۆڵ كردووە, كەوتوونەتە كەمینی هێزەكانی عێراق و هەموویان دیلكراون و هەر لەوێ گولە باران كراون، هەرچەندیشە ٩ رۆژ بوو بڕیاری تەقە وەستان لە نێوان ئێران و عێراق درابوو.

بۆچی ئەم شەڕە ئەنفالی ٨ ە
تا ئێستا شەڕی خواكورك لە ئەدەبیاتی سیاسی و لە نووسینەوەی مێژوو بە بەشێك لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال هەژمار نەكراوە, ئەمە پرسیاری چەند ساڵەی من بوو, چ لە ناو نوسینەكانمدا دەرم بڕیووە, یاخود لەگەڵ نووسەرانی وەك خاتوو عەدالەت عومەر و كاك شاخەوان شۆڕش گفتوگۆمان كردووە, ئەم پرسیارەم لە زووەكەوە بۆ درووست بووە بۆ ئەم شەڕە لەم كات و جوگرافیایە پەیوەندی نەبێت بە پرۆسەی ئەنفالەوە؟, زۆر جار ئەو بەڵگەنامانەم بەر چاو دەكەوت یان گوێم لە كەسانی وەك تاوانبار نزار خەزرەجی دەبوو, كە پرۆسەی ئەنفالی هەشت و خاتمەت ئەنفالی لە یەكتر جیا دەكردەوە, ئەوەی نزار خەزرەجی چونكە ئەنفالی چواری بە سێ لەو لێدوانانەی دیاریدەكرد بە پێی شوێنی جوگرافیا كە هاوسنووری دوكانە, بۆیە ناو هێنانی ئەنفالی ٨ و نۆ لە لایەن ئەوەوە بۆ من جدی نابوو.

سێ جار دەستەواژەی ئەنفال لە بەیاننامەی سەربازی عێراقی هاتووە, دووی یەکەم بۆ پرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەمە" ۳۱۰۹,۳۰۸۷ " سێیەمیش ژمارە" ۳۲۲۶ "بە پێی ئەوەی ژمارەی لە گەڵدا نییە وەك دووەم, وە دووری ژمارەکەی پێی دەچێت بۆ کۆتا ئەنفال بەکار هاتبێت, بۆیە ئەنفالەکانی ۳,٤,٥,٦,۷,۸ بە بەیانی سەربازی کۆتاییان نەهاتووە, تەنها ژمارەکانیان لە ڕێگەی نووسراو نامە سەربازییەکانەوە دیاری کراون.
تا ئێستا پەرتووکی جینۆساید لە عێراقدا وەك مانفیستۆی نووسینەوەی مێژووی ئەنفال سەیر کراوە, ئەو پەرتووکە وەك نووسراوێکی پیرۆز مامەڵەی لە گەڵ کراوە, لە راستیدا چەندە بۆ پرسەکە گرنگ بوو, چەندە ڕۆڵی هەبوو لە ناساندنی دۆزە لە ئاستی جیهانیدا, هێندەش تژییە لە هەڵەو کەموکوڕی, تا ئێستا بە کفرمان زانیووە هەڵەکانی دیاریبکەین و پێچەوانەی بڵێین, بەڵام کاتی شکاندنی ئەو پیرۆزیەیە, تەنانەت لە دیاریکردنی ژمارەی پرۆسەکانی ئەنفالیش, یەکێك لەو هەڵانە دیاریکردنی ژمارەی قۆناغەکانی ئەنفالە بە هەشت قۆناغ, بە پشکنینی چڕو پڕی ئەم چەند ڕۆژە, بۆم دەرکەوت بەڵێ پرۆسەی ئەنفال نۆ قۆناغە, دوای ئەوەی بۆم روون بووەوە کە شەڕی خواکورك پرۆسەی ئەنفالی ۸ ە, وەك لە ئاماژەی هەردوو بەڕێزان مامۆستایان" جەمال مەجید فەرەج و کۆسرەت ئەکرەم عەوڵا " لە نامەی ماستەرنامەکانیان بەناوی" جینۆسایدی باشووری کوردستان و پرۆسەی ئەنفالی یەك, کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا- توێژینەوەیەکی مێژوویی-زارەکی یە, نامەیەکە, کۆسرەت ئەکرەم عەوڵا نووسیوویەتی-زانکۆی کۆیە بەشی مێژوو "هاتووە, کە ئەنفالی هەشت جیایە لە ئەنفالی کۆتایی, پاش پشکنینی ئەو بەڵگەنامەیەی ئەوان بڵاویان کردۆتەوە کە پێشتریش بەرچاوم کەوتبوو, بەڵام بەهۆی ئەوانەوە سەرنجم زیاتر چووە سەری, وە ئەو بەڵگەنامانەی خۆم هەمبوو, وە زاکیرەی ئەو ڕۆژانەی خۆم لەناو واقیعی ئەنفال بووم, وە گفتوگۆ لە گەڵ ژمارەیەك لە بەشدارانی داستانی خواکورك, کە بەشێك لەو شەڕە ٤۹ ڕۆژییە بە پێی نووسراوەکەی سوپای عێراقی تا ۹ی سەپتەمبەر بەردەوام بووە واتا بۆتە ٥۳ ڕۆژ, ۳۸ ڕۆژی دەچێتە ناو پرۆسەی ئەنفالی ۸ەوە, بە پێی ئەو بەڵگەنامەیەی ئەو دوو بەڕێزە بڵاویان کردۆتەوە, ئەگەر لە داهاتوودا نووسراوی دیکە تایبەت بە پرۆسەی ئەنفالی هەشت نەبێت, ئاماژە و وردەکاری زیاتری جیای تێدا نەبێت, بە پێی نووسراوە بەڵگەنامەییە سەربازییەکە ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ڕێکەوتی ۲ی ئۆگستەوە بۆ ۹ی سەپتەمبەر بەردەوام بووە, دیارە ئەم پرۆسەیەش وەك قۆناغی ئەنفالی ٥ و ٦ و ۷, بەهۆی بەرگری هێزی پێشمەرگەوە بە تایبەت لە سەنگەری خاڵی قەبری زاهیر دووا پنتی سنووری عێراق لە گەڵ ئێران و تورکیا پرۆسەکەی دوا کەوتووە, کە تەنها لەم خاڵە زیاتر لە مانگێك بەرگری کراوە.

ئەنفالی ۸ لە زمانی بەڵگەنامەکانی بەعسەوە

ناوی کۆی پرۆسەکە بە ئەنفال, وە ژمارەبەندی ئۆپەراسیۆنەکان لە لایەن رژێمی بەعسەوە داندراوە, وەك لە نامەو نووسراو بەیاننامە سەربازییەکانیدا هاتووە, ئێمە تەنها تایبەتمەندی یاسایی ئەو پرۆسەیە کە جینۆسایدە ناومانە بە کۆی تاوانەکەوە, بۆ ناولێنان و جیاکردنەوەی پرۆسەکان و مێژوویان و جوگرافیاکانیان کەڵك لە بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکانی بکەری تاوان وەردەگرین, وە بکەریش ناو دادەنێت.
بە پێی نووسراوێکی سەربازی کە راپۆرتی سەربازی پوختەی وردەکاری پلانی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی هەشتە بە دوو قۆناغ جێبەجێکراوە, لە ڕێکەوتی ۲ی ئاب بۆ ۲۷ی ئاب, ۳ی سەپتەمبەر بۆ ۹ی سەپتەمبەر لە ناوچەی خەزنە, دەکەوێتە تەنیشت گوندی شێخانۆك, لە دامێنی زنجیرە چیای خواکورك وەك ناوە فەرمییەکە, هەردوو فرقەی ۳۳ و ٤٥, لە گەڵ لیوای ٦ی هێزە تایبەتەکان و حەوت فەوجی جاش ("فەوجی ژمارە ۱, فەوجی قەدری محەمەد ئەحمەد زێباری", "فەوجی ژمارە ٦, فەوجی حوسێن حەمەد خدر سورچی", "فەوجی ژمارە ۱۱, فەوجی بەهرامی شێمەی هاروون", "فەوجی ژمارە ۲۳, فەوجی عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری", "فەوجی ژمارە ۷۷, فەوجی عومەر خدر حەمەد ئاغای سورچی و نەجمی کوڕی", "فەوجی ژمارە ۱۰۸, فەوجی محەمەد

جەوهەر گۆران", "فەوجی ژمارە ٢١٩ , فەوجی زەید عومەر خدر سورچی") تیایدا بەشدار بوونە, هێزەکە بە دوو ئاراستە جوڵەیان کردووە, ستوونی یەکەم لە ٢ی ئۆگست کاتژمێر ٨:٣٠ی شەو لە روباری رەزگە پەڕیونەتەوە بۆ گوندی خۆماری کە لە لێواری روبارەکەیە, ستوونی دووەم بە ئاراستەی چیای ئاشمێ جوڵاوە.
بە پێی نووسراوەکە هەردوو ستوونەکە ئەم گوندانەیان سوتاندووە, کە لە راستیدا ماڵی زۆر کەمی تێدا بووە" خورمال, زێبارە, ئاشمێ, کلانوادە, کانی رەش".
چۆن لە ئەنفالی ١ سوپای عێراقی دوو رۆژ دواتر سەرکەوتنی خۆیان راگەیاند, تەنانەت لە ئەنفالی دووش, لە ئەنفالی ٨ یش ٤ رۆژ دوواتر سەرکەوتنی خۆیان راگەیاندووە.

بەراوردکردن
وەك بەرواری جولە سەربازییەکە, وەك جوگرافیای ناوچەکە بە شاخ و گوند و رووبارەوە, وەك هێزە بەشداربووەکانی سوپای عێراقی کە پێشتر لە لایەن راگەیاندنی پێشمەرگەوە بڵاو کراوەتەوەو دامان ناوە, وەك مێژووی ناوچەکەو شەڕی خواکورك, بەراوردەکان دەریدەخەن کە پرۆسەی ئەنفالی هەشت بەشێکە لە شەڕی ٥٣ رۆژەی خواکورك, وە ئەم قۆناغەی ئەنفال کە لە بەشی رۆژهەڵاتی شێروان مازنەوەیە جیایە لە پرۆسەی خاتمەت ئەنفال کە دەکەوێتە رۆژئاوای شێروان مازنەوە بە ئاراستە شاری زاخۆ, تەنها هێندەیە پرۆسەی ئەنفالی هەشت وەك مێژوو تێکەڵ بە پرۆسەی ئەنفالی ٧ و ٩ بووە, سەرەتا ئەنفالی ٧ و کۆتایی ئەنفالی ٨, چ وەك جوگرافیا هاووسنوور.
ئەنفالی کۆتایی بە فەرمی وەك لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هاتووە لە رێکەوتی ٢٨-٨-١٩٨٨ دەستی پێکردووە, سنوورەکەشی دەکەوێتە رۆژئاوای ناوچەی برادۆست و شێروان مازنەوە, سنووری تورکیا لە باکورەوە, ئەتروش و عەقرە لە باشورەوە , چیای بێخێر لە رۆژئاواوە (٠٠٥٣١٥), هەروەها بە پێی بەڵگەنامەی ( تحلیل عملیە الخاتمە الانفال لفترە من ٢٨-٨-١٩٨٨ لغایە ٣-٩-١٩٨٨ ) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی, لە شێروان مازنەوە بۆ چیای موسکەو شیرین هێرش کراوە( ٠٠٥٣٢٤) , بەڵام لە دینارتەوە کە باشووری رۆژئاوای پرۆسەی ئەنفالی بادینانە بۆ بلەو بیرەو چیای باڵندەو بازی هێرش کراوە ( ٠٠٥٣٢٥), ئەو هێزانەی لەو دوو قۆڵەوە بەشداری پرۆسەی ئەنفالی بادینانیان کردووە بریتین لە (قیادە قوات ٤٥ لە شێروان مازن, قیادە قوات جحافل ٥ لە دینارتێ - ٠٠٥٤٣١٤)
" هیچیان لە ئاو نەپەڕینەوەتەوە بەرەو گەلی رەش و حەیات و خواکورك, هەرچەندە بۆ فەوجی جاشەکان جگە لە فەوجی ٢١٩ , ٦ فەوجەکەی دیکە لە هەردوو قۆناغەکە بەشدارییان کردووە, دەشێت دابەش بووبێتن, یان لە کاتی جیا بەشدار بووبێتن.
هەروەها لە نووسراوێکی دیکەدا لە وەزارەتی بەرگری عێراق-سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە دەرچووە بە ژمارە ١٠٧٦ لە رێکەوتی ١٦-٨-١٩٨٨ ئاراستەی فەرماندەکانی فەیلەقی یەك, دوو, پێنج کراوە, جوگرافیای ئەرکەکانی فەیلەقەکان لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی تێدا دیاریکراوە, لە خاڵی ب دا, کە ئاراستەی فەیلەقی ٥ کراوە, ئەرکەکانی فەیلەقی ٥ بۆ خاتمە ئەنفال لە زێوە شکان- زاخۆوە بە ئاراستەی گەلی رەش دیاری دەکات, گەلی رەش چەقی ئەنفالی ٨ بووە, گەلی رەش بە خاڵێکی سەربازی بۆ سوپای عێراق دیاریکراوە, کە چەقی دەستپێکی پرۆسەی ئەنفالی ٨ ە بەرەو خەزنە, لەم نووسراوە گەلی رەش ناخاتە ناو بازنەی چالاکی ئەنفالی کۆتاییەوە, لە بەڵگەنامەکان دوواتردا ئەم گەلییە ستراتیجییە ناوی دووبارە نابێتەوە لە پرۆسەی خاتم الانفالدا.
هەروەها دوو نووسراو تایبەت بە رێز لێنانی کۆمەڵێك فەرماندەی سەربازی لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە لە بەردەستە, تیایدا بە ڕوونی هەردوو پرۆسەی ئەنفالی هەشت و خاتم الانفال لە یەك جیا دەکاتەوە, لە نووسراوی یەکەمدا کە یەك لاپەڕەیە, بە ژمارە ٥٨١٢-١٨-أ رێکەوتی ١٠-١١-١٩٨٨ لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار, بابەت رێلێنان, بە واژۆی فەریق روکن عەلائەدین کازم حەماد ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. رێز لێنان لە لیوا روکن یونس محەمەد زەرب دەگرن وەك قائیدی فەیلەقی ٥ بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەنفالی ٨ و

خاتم الانفال" واته ئەنفالی ٨ یش وەك خاتم الانفال زەرب سەركردایەتی كردووە, وە تێكەڵاوی نێوان هێزەكان هەبووە", وە عەبدالسەلام حەمەندی ئەمین وەك ڕۆڵی نموونەیی لە ئەنفالی ٨ و خاتمە ئەلئەنفال, بەڵام ڕێز لێنانی عەمید الركن سەباح ئیسماعیل فەرحان وەك فەرماندەی ق ق ٤٥ بەشداربووی ئەنفالی ٨ بە تەنها لێی نراوە, لێرەدا زۆر بە روونی هەردوو پرۆسەكە لێك جیاكراونەتەوە.
لە نووسراوی دووەمدا, كە ٣ لاپەڕەیە, ناوی ٢٦ پلەداری تێدا هاتووە, بە واژۆی هەمان كەس لە ڕێكەوتی ٨-١١-١٩٨٨, جگە لە دووەكەی سەرەوە لە خاڵی (ە )دا ناوی لیوا روكن رەمزی مەحمود عەبدوڵا فەرماندەی فق مش ٣٣ هاتووە, كە فرقەیەكی بەشدار بووی ئەنفالی ٨ ە, وەك ناوی هاتووە, بۆیە دوو نیشانەی ئازایەتی لە پای بەشداریكردنی لە پرۆسەی ئەنفالی ٨ پێ دەبەخشرێت, وە بڕی ١٠٠٠ دیناریشی پێ دەدرێت لە هەمبەر بەشدارییەكانی لە ئەنفالەكانی دیكە (جارێكی دیكە جیای دەكاتەوە), لە هەمان نامەدا ناوەكانی پێشووتر وەك بەشدارانی ئەنفالی ٨, جیا لە ئەنفالی كۆتایی ئاماژەی پێدراوە.

ساغكردنەوە
دوای گفتوگۆیەكی زۆر لە گەڵ هاوڕێیانم بەڕێزان هاوڕێ ئەبو هادی, هاوڕێ هوشیار حوسێن برایم ناسراو بە هاوڕێ پشكۆ شەش پەنجە, كاك شەماڵ حەوێزی, هاوڕێ دكتۆر سەردار رەواندزی ناسراو بە دكتۆر غەفار, كاك رێكار ئەحمەد, وە لێكۆڵینەوەی ورد لەو كەمە بەڵگەنامەیەی لە بەردەستمدا بوو, هەروەها ئەو نووسین و لێكۆڵینەوانەی كراون لە سەر شەڕی خواكورك, هەر وەها ئەو بۆچوونانەی دەربڕاون لەسەر جیاكردنەوەی هەردوو پرۆسەی ئەنفالی هەشت و كۆتا ئەنفال لە یەكتر لە لایەن كاك جەماڵ و كاك كۆسرەتەوە وەك ئاماژەم پێیان دا, منیش بە تەواوی گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال كۆی گشتی ٩ پرۆسە بووە, وە شەڕی خواكورك لەو كات و مێژوو و جوگرافیایە بە پێی بەڵگەنامەكان جیا نەبووە لە كۆی پرۆسەی ئەنفال و بەشێكە لێی, لە زمانی بەڵگەنامەكانەوە ئەوەندەی لە بەردەست منە, بەشێكە لە پرۆسەی ئەنفالی ٨, چۆن شەڕی تازە شار بەشێكە لە پرۆسەی ئەنفالی ٣, شەڕی سەری جوانەگاو بەنی هەریر بەشێكن لە ئەنفالی ٥,٦,٧....هتد, بەهەمان شێوەش داستانی خواكورك بەشێكە لە پرۆسەی ئەنفالی ٨, واتا شەڕی خواكورك ڕووداوێكە لە ڕووداوەكانی ئەنفالی ٨, كە ئەهمیەتێكی مێژوویی هەیە لە چركە ساتی ئەنفال و لە ژینگەی داڕوخان و پاشەكشەو بێ هیوایی ئەنجامدراوە., ئەو شەڕە دابڕاو نەبووە لە ئەنفال
ئەم شەڕە لەو كات و جوگرافیایە جیا نەبووە لە پرۆسەی ئەنفال, وە پێویستە ئەم كەلێنە پڕ بكرێتەوە, چونكە مێژوو, جوگرافیاو هێزە بەشدارەكان حكوومەتی عێراقی لە پرۆسەكە هەموو یەكن, تەنها كاتێك ناڕاستە كە بەڵگەنامەكان ساختە بن, پێویستە ئەم هەڵەیە لە نووسینەوەی مێژووی ئەنفال ڕاست بكرێتەوە, وە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی دیكە هەن بەرامبەر ئەنفالی هەشت ئازاد بكرێن.

گۆڕانكاری لە نووسینەوەی مێژووی ئەنفال

نازانم بە چ پێوەرێك ٦-٩ بە ڕۆژی كۆتایی ئەنفال دراوەتە قەڵەم, لە كاتێك خاتمەت الانفال لە ڕێكەوتی ٣-٩-١٩٨٨ بە پێی ڕاپۆرتی فەرماندەكەی كۆتایی هاتووە, ئەگەر هۆكار لێبوردنە گشتییەكەی ژمارە ٧٣٦ی ئەو ڕۆژە بێت, ئەوا ڕۆژانی دواتریش گرتن و شوێنبزركردن و ئیعدام و زیندە بەچاڵكردن بەردەوام بووە لە سنووری خاتمەتوالانفال, چ بۆ ئەوانەی پێشتر دەستگیر كرابوون, یان ئەو كریستان و ئێزیدییانەی لێبوردنەكە نەیانی گرتەوە, یاخود بێسەرو شوێنكردنی ئەو پیاوە گەنجانەی دواتر لە ناوچەی پرۆسەی ئەنفالی بادینان خۆیان دا بە دەستەوە گوایە لێبوردنەكە دەیان گرێتەوە, لە دەرەوەی یاساو ڕێسای لێبوردن شوێنبزركران.

هەروەها بە پێی ئەم ساغکردنەوەیەی لێرەدا سەلماندمان بۆ پرۆسەی ئەنفالی ٨ , ئەوا ٩-٩-١٩٨٨ دوا رۆژی پرۆسەی ئەنفالە نەك ٦-٩-١٩٨٨, پرۆسەکە تاکو ٦ رۆژ دوای پرۆسەی کۆتا ئەنفال بەهۆی بەرگری سەنگەری قەبری زاهیر بەردەوام بووە, بەمەش ماوەی پرۆسەی ئەنفال لە ١٩٧ رۆژەوە دەبێتە ٢٠٠ رۆژ, وە شەڕی خواکورك و جوگرافیاکەی دەچێتە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالەوە.
بۆ ئەوانەشی پێیان وایە پرسەی ئەنفالی ٨ و نۆ یەك پرۆسەن, ئەوا دیسان ماوەی ئەنفای کۆتایی پێویستی بەراستکردنەوە دەبێت , رێکەوتی دەستپێك و کۆتایی ئەنفالی ٨ دەبێتە رێکەوت و کۆتایی خاتم الانفال.

دوا وتە
کۆتایی بەرەی داستانی خواکورك کە شەڕی (قەبری زاهیر)یشی پێ دەوترێت, دوا پنتی سنووری سێگۆشەیەو ماوەیەکی زۆریشی خایاند"١٤ی ئاب بۆ ٥ی ئەیلول, لەسەر سنوور پێشمەرگە مەترسی چەکی کیمیاوییان نەبوو, بە هاوبەشی پارتی, "حیزبولا, بۆم ساغ نەبۆتەوە", شیوعی, ئاڵای شۆڕش, پارتی گەل بەرەو رووی هێرش بوونەوە لە ماوەی زیاتر لە مانگێك.
شیاوی گوتنە بەدرێژایی شەڕی خواکورك تاقە پێشمەرگەك تەسلیمی دوژمن نەبووە، یەك پێشمەرگەش بەدیل نەگیراوە, کۆی گشتی ٢٩ پێشمەرگە گیانیان بەخت کردووە, ٢٨ پێشمەرگەی پارتی و یەکی شیوعی, بۆ بریندارەکانیش لە نێوان ١٠٤ بریندار و ١٦٠ بریندار باس دەکرێت, دیل و خۆ بەدەستەوەدان نەبووە, هەروەها سەدان خۆبەخش و بەرگری میلی هاتوونەتە بەرەکان و هاوڕێیانی عەرەب و کلدۆ ئاشووری و کوردی رۆژهەلات بەژدار بوون.
ئەرکی من لەم نووسنە گێڕانەوەی وێنای بەرەکانی جەنگ نەبوو, ئەوە کاری بەشداربووانە, بەڵکە کاری من ساغ کردنەوەی ژمارەی پرۆسەکانی ئەنفالە.
بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو رۆژگارە, وە ئاو هەوای ساردی ناوچەکە و هەڵکردنی رەشەبای تووند, کە ورده ورده بەرەو ساردتر دەچوو, ڕۆژی دووشەم رێکەوتی ٥-٩-١٩٨٨ هێزی پێشمەرگە لە سەرەتا پارتی پاشەکشێ دەکات لە سەنگەرەکانی قەبری زاهیر دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ ٥-٩-١٩٨٨ هەموو پێشمەرگە پاشەکشە دەکات لە سەنگەرەکان, دووای چوار رۆژ لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٩-٩-١٩٨٨رژێم سەرکەتنی خۆی لە پرۆسەی ئەنفال ٨ راگەیاندووە, ٢٩ گیانبەختکردوەکەی ئەو داستان و بەرەو رووبونەووانەی ئەو رۆژانە دەبنە گیانبەختکردووانی پرۆسەی ئەنفال.
قەبری زاهیر و گۆرشی شوانێکە بووەتە قوربانی سنووری دروستکراوی دابەشکردنی کوردستان, بە هەڵە سنوور دەبڕێت, لەو خاڵە لە لایەن جەندرمەوە تەقەی لێدەکرێت دەکوژرێت, بەم شێوەیە گۆڕەکەی دەچێتە مێژووی ئەنفالەوە.

سەرچاوەکان:
کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا-توێژینەوەیەکی مێژوویی-زارەکی یە , نامەیەکە , کۆسرەت ئەکرەم عەولا - زانکۆی کۆیە بەشی مێژوو
جینۆسایدی باشوری کوردستان,پرۆسەی ئەنفالی یەك بە نموونە ٢١-١ بۆ ١٩-٣-١٩٨٨, جەماڵ مەجید فەرەج.
جینۆساید لە عێراق-پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد, هیومان رایتس وۆچ/میدل ئیست وۆچ, چاپی سێیەم, لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق.
بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد-بەرگی چوارەم , مەسعود بارزانی
ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کردستان- نووسینی دەرسیم دیبەگەیی-باشووری کوردستان ٢٠١٤

https://www.regaykurdistan.com/index.php/dydar/y-p-shm-rg-shyw-yy-kan-l-dastany-khwakw-k-hawyny-١٩٨٨

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٨٪B٤٪DB%٩٥٪DA%٩٥٪DB%٨C_%D٨٪AE%D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪DA%A٩٪D٩٪٨٨٪D٨٪B١٪DA%A٩

https://www.facebook.com/watch/?v=٣٢٣٨١٧٠٤٣٢٢٧٨٥٨

/https://hawlerweb.net/kurdistan/٢٠٢٢/٠٧/٢٥٩١٤

https://m.youtube.com/watch?v=JvoiUYm٧١Ss

https://www.facebook.com/١٠٠٠٠٠٢٧٧٧٦٠١٧٦/posts/٥٨٥٧٢٥١٧٤٧٦٢٧٣٥٩/?rdid=٨٥QZeEF٨#Vx١mYFLT

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٨٪B٣٪DB%٨C%D٨٪AF%DB%٩٥٪DA%A٩٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦

https://partipedia.org/ku/articles/%DA%AF%D٨٪B٤٪D٨٪AA-%D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨٪DB%٩٥٪D٨٪AA%DB%٩٥٪DA%A٩٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦/%D٨٪AF%D٨٪A٧٪D٨٪B٣٪D٨٪AA%D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٩-%D٨٪AE%D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪DA%A٩٪D٩٪٨٨٪DA%٩٥٪DA%A٩-%D٩٪A١٪D٩٪A٩٪D٩٪A٨٪D٩٪A٨?sfnsn=wa

https://www.kurdpress.com/news/٢٧٧٣٤٩٦/%D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٨٪AC%D٨٪B٩٪D٩٪٨٧-%D٨٪B٤٪DB%٨C%D٩٪٨٥٪DB%٨C%D٨٪A٧٪DB%٨C%DB%٨C-%D٨٪B٤٪D٨٪AF%D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٨٪B٤٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٨٪DB%٨C%D٩٪٨٧-%D٨٪AC%D٨٪A٧٪DB%٨C%DB%٨C-%D٨٪AF%D٨٪B١-%D٨٪AA%D٩٪٨٢٪D٩٪٨٨٪DB%٨C%D٩٪٨٥-%D٨٪B١٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٥٪DB%٨C-%D٨٪A٧٪DB%٨C%D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٩٪٨٦٪D٨٪AF%D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٨٪AF

https://farsnews.ir/azarbaijan_gharbi/١٤٩٨٨٥١٨٤٠٠٠٠٢٧٣٩٣٢/%D٨٪A٨٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٨٪B٤٪DB%٨C%D٩٪٨٥٪DB%٨C%D٨٪A٧٪DB%٨C%DB%٨C-%D٨٪A٧٪D٨٪B٤٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٨٪DB%٨C%D٩٪٨٧-%D٨٪B١٪D٨٪A٧-%D٨٪A٧٪D٨٪B٢-%DB%٨C%D٨٪A٧٪D٨٪AF-%D٩٪٨٦٪D٨٪A٨٪D٨٪B١٪DB%٨C%D٩٪٨٥

و• تكريم قادة الفرق المدرجة أسماؤهم أدناه الذين شاركوا بعملية خاتمة الانفال التي تم تنفيذها في قاطعي الفيلقين الاول والخامس للفتره من ٢٨ آب ولغاية ٢٣ أيلول ١٩٨٨ بمبلغ ( ٥٠٠٠ ) خمسة آلاف دينار مع ساعة يد موشحه بصورة سيادتكم :

أولا • <u>الفيلـــق الاول</u>

| | |
|---|---|
| (١) العميد الركن عبد المجيد عباس وهيـب | قائد فق مش/ ٢ |
| (٢) العميد الركن عبد عون نعمه منصـور | قائد فق مش/ ٢٤ |
| (٣) العميد الركن ابراهيم خليل ابراهيم | قائد فق مش/ ٣٧ |
| (٤) العميد (ق خ) الركن دريد مصطفى شاكـر | قائد فق مش/ ٤٠ |
| (٥) العميد الركن علي أحمد محمد صالـح | قائد فق مش/ ٤٦ |
| (٦) العميد الركن ناصر سعيد توفيـق | قائد قوات/ ٥٠ |

ثانيا • <u>الفيلق الخامـس</u>

| | |
|---|---|
| (١) اللواء (ق خ) الركن عصمت صابر عمـر | قائد فق مش/ ٤ |
| (٢) العميد الركن أمير جاسم حمـو | قائد فق مش/ ٧ |
| (٣) العميد الركن عبد الجليل عبد الحميد محسن | قائد فق مش/ ٢٩ |
| (٤) اللواء الركن محمد طاهر توفيـق | قائد فق مش/ ٣٥ |
| (٥) اللواء الركن حميد شاكر محمـود | قائد فق مش/ ٤١ |
| (٦) العميد الركن عبد الامير علوان حسـين | قائد قوات/ ٣٨ |
| (٧) اللواء (ق خ) أياد شعبان رمـزى | قائد قوات/ ٤٢ |
| (٨) العميد الركن غانم صالـح حسـن | قائد قوات جحفل الدفاع الوطني/ ٥ |

ز• تكريم الرفاق أمناء سر الشعب الحزبيه للفرق العسكريه أعلاه بمبلغ ( ٣٠٠٠ ) ثلاثة آلاف دينار مع ساعة يد موشحه بصورة سيادتكم :

أولا • الرفيق العميد محمد خيرى محمـد أمين سر قيادة شعبة شرحبيل العسكريه ( فق / ٢٩ ) •

ثانيا • الرفيق العميد علي لفته حسين أمين سر قيادة شعبة خالد العسكريـه ( فق / ٢ ) •

ثالثا • الرفيق العميد الركن على صالح حمودى الدورى أمين سر قيادة شعبة موسـى بن نصير العسكريه ( فق مش/ ٣٥ ) •

رابعا • الرفيق العميد خلف نجم جاسم أمين سر قيادة شعبة أبي ذر الغفاري العسكريه (فق مش/ ٤١) •

خامسا • الرفيق المقدم أدريس سعيد محمد أمين سر قيادة شعبة زاخو العسكريه (ق ق / ٣٨) •

سادسا • الرفيق المقدم عبد الستار جواد حمزه مدير أدارة فرع عوريه العسكرى (فل ٥) لاشتراكه في جوال (فل ٥) مع (فق مش/ ٢٤) في عملية الانفال الاولى •

سابعا • الرفيق الرائد عبد الستار عطا الكبيسي أمين سر قيادة شعبة أربيل العسكريه لاشتراكه مع (ق ق جح د و / ٥) •

يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب مع فائق التقدير والاحترام سيدى الرئيس القائد العام •

الفريق الركن
علاء الدين كاظم حماد
أمين السر العام للقياده العامه للقوات المسلحه
٨ ت٢ ١٩٨٨



خليل /

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
مكتب أمانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة

سيـــدي الرئيس القائد العام للقوات المسلحه المحترم

م / تكريــــــــــم

١٠ أطلعتم سيادتكم على المطالعة المرفقة جانبا المتضمنة مقترحات تكريم الرفاق الذين عملوا مـــع قادة الفرق لعمليات ( الانفال ) و ( محمد رسول الله ) وأمرتم سيادتكم بما يلي :

أ٠ موافق على رأي القياده العامه ويلاحظ التعليق ٠

ب٠ تقدم القياده العامه مقترحاتها بشأن القاده الذين لم يكرّموا بعمليات الانفال وحسب الاستحقاق " لا زياده ولا نقصان " ٠

٢٠ تم تبليغ أمر سيادتكم بصدد الفقره (أ) من الماده ( ١ ) أعلاه الى ديوان الرئاسه بكتابنا سرى للغايه ٥٧٥٧ فـي ٦ت٢ ١٩٨٨ ٠

٣٠ نوقش أمر سيادتكم في الفقره (ب) الماده ( ١ ) أعلاه في أجتماع القياده العامه للقـــوات المسلحه ليوم الاثنين ٧ ت٢ ١٩٨٨ بحضور السيد نائب القائد العام للقوات المسلحه وزير الدفاع والساده أعضاء القياده العامه للقوات المسلحه ماعدا السيد وزير الدوله للشـؤون العسكريه ومدير الاستخبارات العسكريه العامه لتكليفهم بواجب خارج القطر وأقترحت القياده العامه للقوات المسلحه ما يلي :

أ٠ تكريم الفريق الركن نعمه فارس حسين وكيل قائد الفيلق الخامس سابقا بنوط شجاعــه عن عملية الانفال الاولى ٠

ب٠ تكريم اللواء الركن يونس محمد الذرب قائد الفيلق الخامس بنوط شجاعه عن عمليات الانفال الثامنه وخاتمة الانفال وبلغه ٠

جـ٠ تكريم العميد الركن صباح اسماعيل فرحان قائد قوات / ٤٥ بنوط شجاعه عن عملية الانفال الثامنـــــه ٠

د ٠ الاكتفاء بما كرم به اللواء الركن رمزي محمود عبدالله قائد فق مش/٣٣ ( المشتركة فرقته بعملية الانفال الثامنه ) بنوطي شجاعه ومبلغ ( ١٠٠٠ ) ألف دينار عن عمليات الانفال السابقه ٠

هـ٠ تكريم الرفيق اللواء عبد سلمان حمندي أمين سر قيادة فرع عموريه العسكريه (فل ٥) بنوط شجاعه عن عمليتي الانفال الثامنه وخاتمة الانفال ٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
مكتب أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة

سري للغاية

سري وشخصي

الرقم / ١ / ١٨ / ٢ / ٨١ ٥

التاريخ ١٠ / ت٢ / ١٩٨٨

الى / ديـــوان الرئاســـة

الموضوع / تكريـــم

حصلت موافقة السيـد الرئيـس القائـد العـام للقـوات المسلحـة حفظـه اللــه على منح النشاط المدرجة أسماؤهم ومناصبهم أدناه نوط شجاعة لكل منهم .

١. الفريق الركن نعمه فارس حسين معاون رئيس أركان الجيش للتدريب لقيادته الفيلق الخامس أثناء عملية الانفال الاولى .

٢. اللواء الركن يونس محمد الذرب قائد الفيلق الخامس لقيادته الفيلق أثناء عمليات الانفال الثامنه وخاصة الانفال ويلغـه .

٣. الرائد اللواء عبد سلطان حمدي أمين سر فرع منوريه العسكري ( ال / ٥ ) لـدوره المتميز في عمليتي الانفال الثامنه وخاصة الانفال .

٤. العميد الركن صباح أسماعيل فرحان قائد قوات / ٤٥ لاشتراكه في عمليـة الانفال الثامنـــه .

يرجى التفضل بما يقتضي ... مع التقدير .

الفريق الركن
علاء الدين كاظم حمـــاد
أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحه

نسخه الى /

رئاسة الجمهوريه ( السكرتير ) / يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقديـــر .

سري للغايـه

١. خلاصة بتفاصيل تنفيذ خطة (عملية الانفال/٨) التي نفذها قطعات الفيلق الخامس ق ق ٤٥ – فق٣٣ لتدمير المخربين في منطقة المثلث العراقي – الايراني – التركي قاطـع ... اعتبارا من ٢ آب ٨٨ لغاية ٢٧/منه و ٣ أيلول ٨٨ لغاية ٩ منه وكما ورد بالمواقـف ... الصباحيه والمسائيه للفيلق المذكور.

٢. الوقت والتاريخ

٢٠٢٠ يوم ٢ آب لغايه ٢١/منه

١٨٠٠ يوم ٣ أيلول لغايه ٩/منه

٣. المكـان

منطقة المثلث العراقي – الايراني – التركي – قاطع خزنه – ق ق ٤٥ – فق٣٣ – فل ٥

٤. الخطه والاهداف

الملحق (أ) المرفق

٥. التفاصيـل

باشرت قطعات ق ق ٤٥ وفق٣٣ بتنفيذ خطة (عملية الانفال/٨) في منطقة المثلث العراقي – الايراني – التركي – قاطع خزنه لتدمير تواجد المخربين فيهـا.

آ. ق ق/٤٥

القطعات المشتركه

لمش ٧٠٢

ل ق خ ٦٦

افواج الدفاع الوطني (١، ٦، ١١، ٢٣، ٧٧، ١٠٨، ٢١٩٠)

اولا. الموقف يوم ٢ آب ٨٨

(١) بالساعه ٢٠٢٠ يوم ٢ آب شرع الرتل (آ) بالتقدم نحو اهدافه المرسومه وتمكن بالساعه ٢٣١٠ من احتلال الراقم ١١٥٨ (٤٤٩٤) ودفع مجموعات من مغاوير عبر نهر رازكه ولازالت القوه تتقـدم باتجاه قرية خوطاري (٤٢٩١) والرتل (ب) شرع بالساعه ٢١٥٠ بالتقدم باتجاه اهدافه وتمكن من عبور نهر رازكه ومستمر بالتقدم باتجاه جبل اشمي (٥٤٩٣).

(٢) استمرت الارتال في تقدمها وتمكنت من احتلال اهدافها وحـرق القرى التاليه (خوربال – زيباره – اشمي – كاشواده – كاني رش) وايقاع خسائر كبيره في عملاء ايران حيث عثر على (١٣) جثه للعملاء مع دماء كثيره ضمن المنطقة وكميه من اعتدة الهاون ١٢٠ ملم.